گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# ئاستەنگەکانی بەدەستهێنانی ئامانج لە پڕۆگرامی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان لە ڕوانگەی سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی و مامۆستایان

**مریوان محمد عبدالرحمن**
بەشی زانستە کۆمەڵایەتیەکان، کۆلیژی پەروەردەی بنەڕەتی، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عیراق
mariwan.abdulrahman@su.edu.krd

**پ.ی.د. مقداد حسین تەها**
بەشی زانستە کۆمەڵایەتیەکان، کۆلیژی پەروەردەی بنەڕەتی، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عیراق
miqdadtaha@su.edu.krd

**زانیاریەکانی توێژینەوە**

**بەرواری توێژینەوە:**
وەرگرتن: ٢٠٢٢/٧/٢٤
پەسەندکردن: ٢٠٢٢/٩/١١
بڵاو کردنەوە: بەهار ٢٠٢٣

**ووشە سەرەکییەکان**
*Obstacle, Achieving, Goal, Program, Social subject, Supervisor, Teacher*

**Doi**:
10.25212/lfu.qzj.8.2.18

## پوختە

ئامانج لە ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە بۆ زانینی ئاستەنگەکانی بەدەستهێنانی ئامانج لە پڕۆگرامی بابەتە کۆمەڵایەتییەکانی پۆلی حەوتەمی بنەڕەتی لە ڕوانگەی سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی و مامۆستایانی شاری هەولێربوو، بۆ ساڵی خوێندنی (2021-2022) لەڕووی:

زانینی جیاوازی بەڵگەداری ئاماری و هەبوونی جیاوازی بەڵگەداری ئاماری لە پڕۆگرامی کۆمەڵایەتی پۆلی حەوتەمی بنەڕەتی لە ڕوانگەی سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی و مامۆستایانی شاری هەولێر، بۆ گۆڕاوەکانی (ڕەگەز و پسپۆڕی و ئەزموون و کارلێکی نێوان سەرپەرشتیاران و مامۆستایان)

کۆمەڵگای توێژینەوەکە سەرپەرشتیاران و مامۆستایانی بابەتە کۆمەڵایەتییەکانی پۆلی حەوتەمی بنەڕەتیە لە هەردوو ڕەگەزی (نێر)و (مێ)، توێژەر نموونەی کۆمەڵگاکەی بە شێوازی هەڕەمەکی هەڵبژارد کەبریتی بوون لە(8) سەرپەرشتیارو(100) مامۆستای بابەتە کۆمەڵایەتییەکانی پۆلی حەوتەمی بنەڕەتی، بۆ بەدیهێنانی ئامانجی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

توێژینەوەکە ، توێژەر ڕێبازی (وەسفی) بەکارهێناوە.بە مەبەستی ئامادەکردنی ئامرازی تویژینەوە، توێژەر سوودی لە سەرچاوەکانی پێوەری ئاستەنگەکانی پەرتووکی کۆمەڵایەتی لەخۆگرتووە وەرگرتووە، کە گونجاندوومانە لەگەڵ ژینگەی کۆمەڵگاکەدا. لەگەڵ بەکارهێنانی بەرنامەی ئاماری کۆمپیوتەری ( spss ) . توێژینەوەکە لە کۆتایی گەیشتۆتە کۆمەڵێك ئەنجام ، لەوانە جیاوازی بەهاداری ئاماری هەیە لە ئاستی (0.05) لەسەر بنچینەی ڕەگەزی (نێر و مێ)ی مامۆستایان سەبارەت بە (ئاستەنگەکانی بەدەستهینانی ئامانج لە پرۆگرامی بابەتە کۆمڵایەتییەکان)، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە جیاوزی هەیە لە ڕاوبۆچونی مامۆستایانی نێرو مێ، بۆیە پێویستە گرینگی زیاتر بدرێت بە مامۆستایان لەسەر بنچینەی ڕەگەز.جیاوازی بەهاداری ئاماری نیە لە ئاستی (0.05) لەسەر بنچینەی (پسپۆر)ی مامۆستایان سەبارەت بە(ئاستەنگەکانی بەدەستهینانی ئامانج لە پرۆگرامی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان.

ووشە کلیلیەکان: ئاستەنگ ، بەدەستهێنان ، ئامانج ، پرۆگرام ، بابەتی کۆمەڵایەتی،سەرپەرشتیار،مامۆستا

## بەشی یەکەم

### 1- ناساندنی توێژینەوەکە

### 1-1- پێشەکی و بایەخی توێژینەوەکە:

لە سایەی ئەو پەرەسەندنانەی ئەمرۆکە جیهان بە خۆیەوەی دەبینێت، پێویستە قوتابی لە خۆی بپرسێت ئەو لە گەرمەی ئەم پەرەسەندنە زانستی و پیشەسازییانەدا لە کوێدایە و چ پێگەیەکی هەیە، لەو کاتەی کە تا ئێستاش پەروەردەکاران پشت بە شێوازەکانی خوێندن و وانەگوتنەوەی نەریتی و کۆن دەبەستن کە لەگەڵ ژیانی هاوچەرخانەی ئێستا و بیرکردنەوەی قوتابی و مامۆستای سەردەمی تەکنەلۆژیا و پەرەسەندن ناگونجێت، هەروەها خوێندن و فێرکردنی نەریتیی کۆن لە ئێستادا ، هیچ شتێکی نوێ ناخاتە سەر ناوەڕۆکی فێرکردنی نەوەکان، لەبەرئەوەی بە تەنها توانای ڕێکردن و هاوشانبوونی لەگەڵ هزری سەردەمیانەدا نییە، سەرباری ئەوەی جیهان پێویستیی بە گواستنەوەیەکی

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

چەندایەتی و چۆنایەتی قوتابیانی سەدەی بیست و یەك هەیە، بە جۆرێك ئاستی فێرکردن بە بەراورد بە وڵاتانی پێشکەوتوو زۆر نزمەو دابەزیوە، ئەمەش پێویستیی بە جۆری جیاوازی وانەگوتنەوە و شێوازی کارا هەیە بۆ فێربوون، ئەوەش لە میانی پەرەسەندنی بەردەوامی لێهاتوویی و دەستەبەرییە پیشەییەکانی مامۆستایان، لەوەی پەیوەستە بە زانیارییەکانی فێرکردن و هەڵسەنگاندن و بەدواداچوونی رێکوپێکی رۆشنکەرەوە بۆ ئەنجامدانی کاری قوتابیان و دەستکەوتەکانیان کە ئاستێکی بەرزی خواستی پەروەردەیی چاوەڕوانکراو دەهێنێتەدی.

بایەخی ئەم لێکۆڵینەوەیە لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە پەیوەستە بە ئاستەنگەکانی هێنانەدیی ئامانجەکانی پرۆگرامەکانی خوێندنی بابەتی  کۆمەڵایەتی پۆلی حەوتەمی بنەرەتی، کە بوارێکە و پێویستیی بە لێکۆڵینەوە هەیە بۆ ئاسانکردنی کرداری خوێندنی و باشترکردنی ئاستی بەدەستهێنانی قوتابیان تیایدا، لەبەر رۆشنایی ئەوەش ئەم لێکۆڵینەوەیە دوو لایەنی بەکارهێناوە: مەیدانی وتیۆری وەکو یەکتر، بەم جۆرەی خوارەوە:

لایەنی یەکەم- مەیدانی:

1. مامۆستایانی پسپۆڕی زانستە کۆمەڵایەتییەکان: مامۆستایانی زانستە کۆمەڵایەتییەکان لە میانی ئەم لێکۆڵینەوەیە تێکرای ئەو ئاستەنگانەیان بۆ دەردەکەوێت کە لەوانەیە رووبەڕووی کرداری خوێندنی پرۆگرامەکانی خوێندنی کۆمەڵایەتی ببنەوە ، ئەو کارەی کە توێژینەوەکە دەربارەی شێوازی وانەگوتنەوەی هاوچەرخ هانی دەدات و وای لێ دەکات بە شێوەیەکی باشتر توانای هێنانەدیی ئامانجەکانی خوێندنی کۆمەڵایەتییان هەبێت، هەروەها وایان لێ بکات سەرنج لەو ئاستەنگانە بدەن بە شێوەیەکی گشتگیرو روون و رەوان، کە لەوانەیە بۆ هەرەوەزیکردن لەگەڵ هاوڕێکانی دیکەی پاڵیان پێوە بنێت، چ مامۆستا بن، یان سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی بۆ پەرەپێدانی کرداری فێرکردن و فێربوون، بە جۆرێك بتوانن بەپێی توانا ئەو ئاستەنگانە تێبپەڕێنن.

2. سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی زانستە کۆمەڵایەتییەکان: ئەم لێکۆڵینەوەیە سوود بە سەرپەرشتیاران دەگەیەنێت لە رووی ئەوەی تێڕامانێکی روونیان پێشکەش دەکات و بەرەو پشتگیریکردنی هەڵوێستی مامۆستایانی هونەری و پیشەیی و کارگێڕی ئاراستەیان دەکات، لە سنووردانان بۆ ئەو ئاستەنگانەی لە بەردەم هێنانەدیی ئامانجەکانی پرۆگرامەکانی خوێندنی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کۆمەڵایەتی لە گۆشەیەکدا رادەوەستن، وەکو زەمینەیەکی گونجاو کە لە میانییەوە سەرپەرشتیاران پشت بە نەخشەدانانی خولی مەشق و راهێنان و سەردانی سەرپەرشتیارانەو جۆرەکەی دەبەستن، بەمەش کاری سەرپەرشتیاران پێشدەکەوێت، تاکو توانای رێنیشاندان و یارمەتیدانی مامۆستایان و بەڕێوەبەرانی هەبێت لە مەیدانی بەرەنگاربوونەوەی ئەو ئاستەنگ و کۆسپانە.

دووەم- لایەنی تیۆری

وا چاوەڕوان دەکرێت ئەم لێکۆڵینەوەیە بە ئەدەبی بیرداری دەوڵەمەند بکرێت، ئەوەش لە میانی پێدانی ئەو ئاستەنگانەی کە رووبەڕووی هێنانەدیی ئامانجەکانی پرۆگرامەکانی زانستە کۆمەڵایەتیەکانی پۆلی حەوتەمی بنەرەتی دەبنەوە، هەروەها رێگە لە بەردەم توێژەرانیش دەکاتەوە بۆ ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەی زیاتر دەربارەی پەرەپێدانی رێگەکانی وانەگوتنەوەی خوێندنە کۆمەڵایەتییەکان لەم قۆناغەو لە قۆناغەکانی دیکەش.

## 1-2-کێشەی توێژینەوەکە:

بابەتی زانستە کۆمەڵایەتییەکان لە قۆناغەکانی خوێندن و فێرکردن بە شێوەیەکی گشتی و لە قۆناغی بنەرەتی بە شێوەیەکی تایبەت بایەخێکی گەورەی هەیە، ئەم بایەخەش لەوەوە سەرچاوەی گرتووە و هەنگاوی هەڵهێناوە کە لێکۆڵینەوەکان بەشداری لە دۆزینەوەی نەوەیەك دەکەن کە چاوەڕوانی ئەوەیان لێ دەکرێت ئەندامی بەسوودی ئەو کۆمەڵگەیە بن کە تێیدا دەژین، لەبەرئەوەی رۆڵێکی گەورە لە فێرکردنی کۆمەڵایەتی و گەشەپێدانی توانایان لە چارەسەرکردنی گرفتەکان و بیرکردنەوەی زانستی دەگێڕن، لە پەروەردەی هاوچەرخدا قوتابی چالاکە و رۆڵی سەرەکی دەبینێت و مامۆستاش پاڵنەر و رێپیشاندەر و رێنمایکارێتی، بۆ ئەوەی مامۆستا بتوانێت بەرۆڵی خۆی هەستێت پێویستە شارەزای رێگاو شێوازە نوێکانی وانە گوتنەوە بێت، ئاراستە نوێیەکانی پەروەردەش جەخت لە سەر گرینگی و هاوکاری و پەیوەندی نێوان مامۆستا و قوتابی و پرۆگرام دەکەنەوە و گرینگی دەدەن بەو تیۆرانەی کە کاریگەرییان هەیە لەسەر باشبوونی پەیوەندی نێوان مامۆستا و قوتابی بە گرینگی دان بەو ستراتیژیەتە نوێیانەی کە کاراترن لە گەیاندنی زانیاری بە قوتابیان لە رێگەی گفتوگۆوە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**3-1- گریمانەکانی تویژینەوەکە:**

بۆ بەدیهێنانی ئامانجە دیاریکراوەکانی توێژینەوەکە، چەند گریمانەیەك دادەنرێت کەبریتین لەمانەی خوارەوە:

- گریمانەی یەکەم: نەبوونی جیاوازیی ئاماری لە ئاستی (0.05) لە ئاستەنگەکانی هێنانەدیی ئامانجەکانی پرۆگرامەکانی خوێندنی بابەتە کۆمەڵایەتیەکانی پۆلی حەوتەم لە قۆناغی بنەڕەتی و دواناوەندی شاری هەولێر لە ڕوانگەی مامۆستایان بە جیاوازی رەگەز.
- گریمانەی دووەم: نەبوونی جیاوازیی ئاماری لە ئاستی (0.05) لە ئاستەنگەکانی هێنانەدیی ئامانجەکانی پرۆگرامەکانی خوێندنی بابەتە کۆمەڵایەتیەکانی پۆلی حەوتەم لە قۆناغی بنەرەتی و دواناوندی شاری هەولێر لە ڕوانگەی مامۆستایان لەسەر بنچینەی پسپۆڕی.
- گریمانەی سێ یەم: نەبوونی جیاوازیی ئاماری لە ئاستی (0.05) لە ئاستەنگەکانی هێنانەدیی ئامانجەکانی پرۆگرامەکانی خوێندنی بابەتە کۆمەڵایەتییەکانی پۆلی حەوتەم لە قۆناغی بتەرەتی و دواناوەندیی لە شاری هەولێر لە ڕوانگەی سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی لەسەر بنچینەی ئەزموون.
- گریمانەی چوارەم: نەبوونی جیاوازیی ئاماری لە ئاستی (0.05) لە ئاستەنگەکانی هێنانەدیی ئامانجەکانی پرۆگرامەکانی خوێندنی بابەتە کۆمەڵایەتییەکانی پۆلی حەوتەم لە قۆناغی بنەرەتی و دواناوەندیی لە شاری هەولێر لە ڕوانگەی سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی لەسەر بنچینەی ڕەگەز.
- گریمانەی پێنجەم: نەبوونی جیاوازیی ئاماری لە ئاستی (0.05) لە ئاستەنگەکانی هێنانەدیی ئامانجەکانی پرۆگرامەکانی خوێندنی بابەتە کۆمەڵایەتییەکانی پۆلی حەوتەم لە قۆناغی بنەرەتی و دواناوەندیی لە شاری هەولێر لە ڕوانگەی سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی لەسەر بنچینەی پسپۆری.
- گریمانەی شەشەم: نەبوونی جیاوازیی ئاماری لە ئاستی (0.05) لە ئاستەنگەکانی هێنانەدیی ئامانجەکانی پرۆگرامەکانی خوێندنی بابەتە کۆمەڵایەتییەکانی پۆلی حەوتەم لە قۆناغی بنەرەتی و دواناوەندیی لە شاری هەولێر لە ڕوانگەی مامۆستاین لەسەر بنچینەی ئەزموون.

## 4-1:ئامانجەکانی توێژینەوەکە

ئامانجی توێژینەوەکە ناسین و زانینی ئەمانەی خوارەوە لەخۆ دەگریت:

• گرفتەکانی وانەگوتنەوە و خوێندنی بابەتەکانی زانستە کۆمەڵایەتییەکان لە ڕوانگەی مامۆستایانەوە بە جیاوازی ڕەگەز.

• گرفتەکانی وانەگوتنەوە و خوێندنی بابەتەکانی زانستە کۆمەڵایەتییەکان لە ڕوانگەی مامۆستایانەوە بە جیاوازی پسپۆڕی.

• گرفتەکانی وانەگوتنەوە و خوێندنی بابەتەکانی زانستە کۆمەڵایەتییەکان لە ڕوانگەی مامۆستایانەوە بە جیاوازی ئەزموون.

• گرفتەکانی وانەگوتنەوە و خوێندنی بابەتەکانی زانستە کۆمەڵایەتییەکان لە ڕوانگەی سەرپەرشتیارانەوە بە جیاوازی ڕەگەز.

• گرفتەکانی وانەگوتنەوە و خوێندنی بابەتەکانی زانستە کۆمەڵایەتییەکان لە ڕوانگەی سەرپەرشتیارانەوە بە جیاوازی پسپۆڕی.

• گرفتەکانی وانەگوتنەوە و خوێندنی بابەتەکانی زانستە کۆمەڵایەتییەکان لە ڕوانگەی سەرپەرشتیارانەوە بە جیاوازی ئەزموون.

## 5-1- سنوری توێژینەوەکە

**سنووری توێژینەوە** : پرۆسەی ئەنجامەکانی توێژینەوەکە بەو شێوەیە دیاریکراوە :

**ســـنووری مرۆیی** : نموونەی توێژینەوە بریتی بووە لە مامۆســـتایانی بابەتی کۆمەڵایەتی لە قۆناغی بنەڕەتی و سەرپەرشتیاران لە پەروەردەی ناوەندی هەولێر – پارێزگای هەولێر

**ســـنووری شـــوێنی** : ئەم توێژینەوەیە ئەنجامدراوە لە ســـنووری قوتابخانەکانی بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی ناوەندی هەولێر – پارێزگای هەولێر .

**سنووری کاتی** : جێبەجێکردنی کاتی توێژینەوە 2021/12/27 – 2022/4/29

## 1-6- زاراوەکانی توێژینەوەکە و پێناسەکردنیان

### 1-6-1 ئاستەنگەکان:

1- العنزي،2014):

کۆمەڵە هۆکارێکە کاریگەرییەکی نەرێنی دەخاتە سەر هۆکارەکانی بەدەستهێنانی ئامانج لە پرۆگرامی کۆمەڵایەتی و لێهاتوویی و کارامەییەکانی( العنزي،2014،ص9).

2- پێناسەی ڕێکاری توێژینەوە

گرفت یان گرفتێکە کەڕێگە لە مامۆستا دەگرێت لە بەکارهینانی ڕێگە یا میتۆدی فیرکردنی هاوچەرخ لە هەلومەرجی پەروەردەییدا، جا ئەم ئاستەنگانە چ ئیداری و ماددی و هونەری بن لە پۆلدا.

### 1-6-2- بەدەستهینان:

1-العلام،(2005):

پلەی دەستکەوتن لەلایەن فێرخوازان یان ئاستی سەرکەوتن بەدەستهاتووە یان لەبابەتێك یان بوارێکی دیاریکراوی پەروەردە و فێرکردن دا پێیگەیشتووە(العلام،2005،ص305).

2-پێناسەی ڕێکاری توێژینەوە:

مەبەست لە بەدەستهێنان لەلای فێرخواز دەستکەوتنی ئەنجامێکە کە هەوڵی بۆ داوەو تێکۆشاوە لە بابەتێك لە بابەتەکانی وانەدا.

### 1-6-3- ئامانج:

1-عزالدين،(2018):

ئامانجی پەروەردەیی لە هەموو کۆمەڵگایەك گرنگی تایبەتی خۆی هەیە ، لەبەر ئەمە هەموو توانا ئابوری و کۆمەڵایەتی دەخرێتە گەڕ بۆ بەدیهێنانی ئەو ئامانجانە گرنگی بوونی ئامانجی پەروەردەیی لە دەستنیشانکردن و ئاڕاستەکردنی توانستەکانی تاکە(عزالدين،2018،ص43).

2-پێناسەی ڕێکاری توێژینەوە:

مەبەست لە ئامانجی پەروەردەیی لەلای قوتابی، خۆی دەبینێتەوە لەو مەبەست و ئارەزووەی کە هەیەتی، هەموو توانا و هێزی خۆی بۆ دەخاتە کار تا لە ئەنجامدا بتوانێت ئامانجەکەی بهێنێتەدی.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**1-6-4-** بابەتە کۆمەلایەتییەکان:کە خۆی دەبینیتەوە لە بابەتەکانی خوێندنی جوگرافی و مێژوو ،لە قۆناغەکانی بنەڕەتی لە شاری هەولێر.(تویژەر)

**1-6-5-** قۆناغی بنەڕەتی : قۆناغێکی خوێندنە کە دەست پێدەکات لە پۆلی یەکەمی بنەرەتی تاکو پۆلی دەیەمی ئامادەیی، بەپێی یاسای پەروەردە و فێرکردن لە هەرێمی کوردستان-عیراق (تویژەر)

**1-6-6- سەرپەرشتیاری پەروەردەیی:**

1-عبدالله ،(2021):

بریتییە لەو کەسەی کە شارەزاییەکی هونەری باشی هەبێت و ئەرکی سەرەکیشی بریتییە لە هاوکاریکردنی مامۆستیان، بۆ ئەوەی گەشە بەکارەکانیان بدەن و چارەسەری کێشەکانی فیرکردن دەکات، کە رووبەرووی مامۆستایان و خوێندکاران دەبیتەوە، هاوکات خزمەتگوزاری هونەری پیشکەشدەکات، تا شیوازەکانی وانەووتنەوە باشتر بێت و پرۆسەی پەروەردە ئاراستە دەکات بە ئاراستەیەکی ڕاست و دروست(عبدالله،2021،ص161).

2-پێناسەی ڕێکاری توێژینەوە:

سەرپەرشتیاری پەروەردەیی پرۆسەیەکی گشتگیری، سەرکردایەتی، تەکنیکی و پەرەپێدانی پرۆسەی پەروەردەییە لە هەموو تەوەرەکانیدا

**1-6-8- مامۆستا:**

1-رسول،(2017):

مامۆستا ئەو کەسەیە کە ئامادەکراوە بۆ وانە گوتنەوە لە قوتابخانەو خوێندنگاکاندا، کەپیویستە زانیاری و زانستی (لە پسپۆری خۆی) ئەوەندە هەبێت، کە بەسەرکەوتوویی پراکتیزەی وانە و خوێندن بکات، لە هەمان کاتدا پیویستە شارەزایی دەرونزانی و ڕێگاو شێوازەکانی وانە گوتنەوە بیت (رسول،2017،ص80-81).

2-پێناسەی ڕێکاری توێژینەوە:
ئەو کەسەیە، کە هەڵدەستێ بەرۆڵی سەرەکی لە پەروەردەکردن و فێرکردنی قوتابی، وایان لێدەکات لە ناخیاندا ئارەزووی گەڕان و لێکۆڵینەوە بکەن بۆ فێربوون، و ئاراستەیان بکات بۆ هێنانەدی بیروباوەڕەکانیان.

## بەشی دووەم

### 2: لایەنی تیۆری و توێژینەوەکانی پێشوو

### 2-1 لایەنی تیۆری:

ئەم بەشە چەمکی خوێندنی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان و بوارەکانی و بایەخەکانی تاووتوێ دەکات و سەرنج لە ئامانجی خوێندنی بابەتە کۆمەڵایەتییەکانیش دەدات لە قۆناغە جیاوازەکاندا، هەروەها دیارترین ستراتیژییەکانی وانەگوتنەوەی هاوچەرخیش کە مامۆستایانی بابەتی زانستە کۆمەڵایەتییەکان بەکاریدەهێنن، سەرباری لێکۆڵینەوەی دیارترین ستراتیژییەکانی هەڵسەنگاندن کە لەم بوارەدا بەکاردەهێنرێن، هەروەها تاووتوێکردنی چەمکی ئاستەنگەکانی هێنانەدیی ئامانجەکانی خوێندنی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان و دیارترین و بەرچاوترین ئاستەنگی فێربوون لە شاری هەولێر و کاریگەری و شوێنەوارەکانی.

### 2-1-1 پێکهاتەکانی خوێندنی زانستە کۆمەڵایەتییەکان:

پیکهاتەی بابەتەکۆمەلایەتییەکان لە خویندنگاکانی بنەرەتی و دواناوەندی، پێکدیت لە بابەتەکانی (میژوو و جوگرافیا و هاونیشتمانیبوون و ئابوری وکۆمەلناسی دەگریتەوە، وادەناسریت کە ئەم بابەتانە گشتی بن (صباح،2009،ص33)، سرووشتی خوێندنی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان بایەخ بە لێکۆڵینەوە و خوێندنی پەیوەندیی مرۆڤ بە مرۆڤ و کارلێکیان لەگەڵ یەکتریو پەیوەندیی بە ژینگە و کۆمەڵگەو پرسەکانی مرۆڤ و گرفت و رووداوەکانی و هەڵوێستەکانی دەدات، تایبەتمەندیی ئەم دەروازانەش لەوەدایە کە دەروازەی دینامیکیی چالاك و گرنگ و نەرمونیانن لەگەڵ دەروازەکانی دیکە کە لە زۆر کاروبار و پرسی جۆراوجۆر پەیوەستن پێیەوە(عبدالله،2012،ص29)، خوێندنی بابەتە کۆمەڵایەتییەکانیش فراوانتر دەبن و چەندین مەیدان و لقی جۆراوجۆر دەگرنەوە، چونکە لە دەروازەکانی دیکە دابڕاو و گۆشەگیر نین، بەڵکو ئەڵقەی بەیەکتر گەیاندنی نێوان هەموو زانستە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

سرووشتی و مرۆڤایەتییەکانن، هەروەها لەگەڵ یەکتریدا پەیوەندیی توندوتۆڵیان دەبێت، تاکو ئەو پەیوەندییانە روون بکەنەوە کە لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵگەدا سەرهەڵدەدەن و دێنەئاراوە، وا لە خوارەوەش دەروازەکانی خوێندنی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان روون دەکەینەوە کە لە قوتابخانەکانی شاری هەولێر و کوردستان دەخوێندرێن، بەم جۆرەی خوارەوە:

### 1. دەروازەی جوگرافیا:

چەمکی جوگرافیا (Geography) زاراوەیەکی یۆنانی کۆن (ئیغریقی) لێکدراوە لە وشەی (Geo) بە مانای زەوی و وشەی (Graphy) واتە وەسفکردن هاتووە، بۆیە ئەگەر بە ئاسانترین شێوە پێناسەی جوگرافیا بکرێت دەتوانرێت بوترێت کە زانستێکە وەسفی زەوی دەکات(الزوکە،2000،ص17)، بەڵام مانای هاوچەرخ بۆ زانستی جوگرافیا چەمکی کۆنی تێپەڕاند، و ئێستا جوگرافیای هاوچەرخ لە پاڵ گرنگیدان بە زەوی گرنگی زیاتر بە مرۆڤ دەدات، ئەویش بە هۆی ئەوەی زەوی نیشتمانی مرۆڤە(أحمد،2012،ص13).

### 2. دەروازەی مێژوو:

چەمکی مێژوو و وشەی مێژوو، کە لە زمانی ئینگلیزیدا وشەی (History) بۆ بەکار دێت، لە وشەی (Historie)هیستۆریای یۆنانییەوە وەرگیراوە، کە بە مانای فێربوون و گەڕان بە دوای زانین دێت (حسان،2010،ص13)، مێژوو نوسی گەورەی کورد بەم شێوەیە پێناسەی مێژووی خستۆتە ڕوو" مێژوو بریتی یە لە باسی ڕابردووی ئادەمیزاد و ئالوگۆڕەکانی ناو کۆمەڵگاکانی و لایەنی جیاوازی ژیانی ئەو کۆمەلگایانە پێکرا و بە جیا بە نیازی تیگەیشتنی ئیمرۆی و دیاریکردنی ڕێبازی گشتی دوارۆژ"(مەزهەر،2007،ص4).

**2-1-2-** بایـــــەخی توێژینەوەکانی زانستە کۆمەڵایەتییــەکان بۆ فێرخواز:

جێگەی ئـــاماژەیە کە هەندێك پەیوەندیی پتەو لە نێوان فێرخواز و خوێندنی بابەتە کۆمەڵایەتییەکاندا هەیە، چونکە کۆمەڵە هـــۆکارێکی ژینگەیــــی و بۆماوەیــــی کار لەســــەر پێکهێنانی کەسایەتیی فێرخـــــــواز دەکەن، ئەوەش لە میانی پێنج ساڵی سەرەتای تەمەنی منداڵ،

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ژینگـــەی کۆمەڵایـەتیش بە دیارترین و گرنگترینی ئەو هۆکارانە دادەنرێت کە سرووشتی رەفتار و شێوازی مامـــەڵەکردنی لەگەڵ خەڵك و شتـــەکانی دەوروبەری دەستنیشان دەکات، چونکە شێوازی رۆشنبیری کۆمەڵایەتیی باو لە قوتابخانـــە و خێزان و شـــەقامیش کار دەکاتە سەر پێکهێنانی کەسایەتیی فێرخواز لە هەموو لایەنە عەقڵی و کارامەیی و ویژدانی و کۆمەڵایەتییەکانەوە.

### 3-1-2 روون کردنەوە و چەمکی گوتنەوەی خوێندنی زانستە کۆمەڵایەتییەکان:

### 1-3-1-2چوارچێوەی نەریتی :

ئەو چالاکییەی مامۆستا ئەنجامی دەدات، لە پێناوی گواستنەوەی زانین و زانیارییەکان بۆ عەقڵ و هۆشی قوتابییەکان، لێرەدا رۆڵی مامۆستا رۆڵێکی کارا و ئەرێنیانە دەبێت، رۆڵی فێرخوازیش لە زۆربەی کاتەکاندا بە نەرێنی، بە واتای ئەوەی کە فێرخواز داوای ئاراستەکردنی پرسیار، یان دەربڕینی راوبۆچوونی لێ ناکرێت، لەبەرئـــەوەی مامۆستا خۆی تاکە سەرچاوەی زانینە لای فێرخواز، ئەم چەمکە نەریتییەی کرداری وانەگوتنەوە جاران باوبوو، بەڵام ئەمڕۆکە چەمکەکان گۆڕاون و هەلومەرجەکەش گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، پەرەسەندنی زانستیش هەموو بوارەکانی ژیانی داگیرکردووە، بەمەش چەمکێکی نوێی وانەگوتنەوە هاتۆتە ئاراوە(الزبیدی، 2009، ص21).

### 2-3-1-2 گرینگی و بایەخی زانستە کۆمەڵایەتییەکان :

ئاراستـــەی زانستی کە جـــــەخت لەسەر بایەخی زانستە سرووشتی و بیرکارییەکان دەکاتەوە باڵی بەسەر ململانێی بوارەکانـــــی هێز و ســـــامان و کاریگەریی جیهانیدا کێشاوە، بەمەش زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییـــــەکانی خستۆتە بازنەیەکی سێبـــەرەوە، لە رووی کەمکردنەوەی ئەوەی تایبەتە بە کات بۆ پلانکاری و بەرنامەڕێژیی خوێندن و وشك و برینگ کردنی پرۆگرامەکان و ئەوەی لە ئەنجامی ئەوەشدا هاتۆتە ئاراوە لە رووی داڕووخانی لایەنی رۆحی و رەوشتی لای نەوەی تازە و کەمی بایەخدان بە بەشداریکردنیان لە دەسەڵات، هەروەها شڵەژانی دیموکراتی و ئاشتیی جیهانی، بۆیە پەروەردەکاران لەوە بە ئاگاهاتن و کەوتنە هەڕەشەکردن و رەتکردنەوەی نەزانین لە پرسە نیشتیمانی و جیهانییەکان و دەستـــــەپاچەیی و بێتوانایی نـــەوەکان لە چێژوەرگرتن (تژوق)ی بەها رەوشتی و جوانکارییـــــەکان و دەستیـــــاندایە دەرخستن و بایەخدانی زیاتر بە خوێندن و گوتنەوەی وانەی خوێندنی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان لە قۆناغە جیـاوازەکانی خوێندن، ئەوەش بە مەبەستی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

روونکردنـــــەوەی لایەنی مرۆڤایەتی لە مرۆڤ و نــــاسین و زانینی ئەو پەیوەندییانەی کە پێویستە باڵ بەسەر کۆمەڵگە و ڕێکخستنی کۆمەڵگەشدا بکێشن، هەروەها بایەخی گوتنەوەی ئەم دەروازانە و بایەخپێدانیان بۆ هاوشانبوون و ڕێکردن لەگەڵ رەوت و پەرەسەندنەکانی سەردەم و پتەوکردنی پەیوەندیی نێوان گەشـــــەی مرۆیی و کۆمەڵایەتی و نێوان پێشکەوتن لە سەروەت و سامان و هێز(الفتلاوی، 2004، ص17).

**4-1-2 ئاستەنگییەکانی فێربوونی گشتی و کاریگەرییەکانی لە شاری هەولێر:**

لەو کاتـــەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان دامەزراوە لەساڵی 1992، فێرکــــــردن بایەخێکی گـــــەورەی بەخۆوەبینیـــوە، ئەم بایـــەخەش بـــەردەوام بووە هــەتــا ئەم ســـــاڵانەی ئێستاش، لە نیشانە و ئاماژەکانی ئەم بایەخەش ئەو بودجەیەیــــــە کە لە بودجەی گشتیی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ بواری پەروەردە و فێرکردن تەرخان دەکرێت، بواری پەروەردە و فێرکردن لە کوردستان هەر لە ســــەرەتاوە پەرەسەندنێکی باش و بەرچاوی بەخۆوەبینیوە کە جێگای بایەخە، لە رووی بڵاوبوونەوە و تێگەیشتن و وەرگرتنی لە لایەن قوتابیانی کورو کچ و خویندن بە خۆڕایی و هاندانی منداڵان بۆ چوونە قوتابخانە، کەچــــی لەگەڵ تێپــــەڕبوونی کات گرفتەکانی سیتسەمی پەروەردە و فێرکردن دەستیان بە دەرکەوتن کرد، وەکو دابەزینی ئاستی بەدەستهێنانی قوتابیــــان لە بەدەستهێنانی ڕێژەیەکی زۆریان لە نمرەی نزم لە بابەتەکانی بیرکاری و زمانی ئینگلیزی و هەتا زمانی عەرەبیش، هەروەهـــا نیشانە و ئاماژەکانی کەموکووڕیی ئەو سیستەمەش لە هاوشانبوونی لەگەڵ رووداو و پێشهاتەکان و وەڵامدانەوەی پێداویستییە گەشەییەکان لە کوردستان و لە جیهان دەرکەوتن(کریم،2018، ص43).

## 2- توێژینەوەکانی پێشوو :

### 1-2-2 خستنەڕووی توێژینەوەکانی پێشوو :

**1-توێژینەوەی العنزی (2014):**

توێژینەوەکەی بە ناونیشانی "ئاستەنگەکانی بەدەستهێنانی ئامانج لە پرۆگرامی بابەتە کۆمەڵایەتییەکانی پۆلی حەوتەمی بنەڕەتی لە ڕوانگەی سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی و مامۆستایانی ولاتی کوێت. "

کە ئامانجی دەرخستنی دیارترین ئاستەنگەکانی بەردەم بەدەستهێنانی ئامانج لە پرۆگرامی بابەتە کۆمەڵایەتییەکانی پۆلی حەوتەمی بنەڕەتی ئەنجامداوە لە ولاتی کوێت، کە لە ڕوانگەی سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی و مامۆستایانەوە بوو، بە جۆريك توێژەری ناوبراو فۆرمی راپرسی بۆ دەستنیشان کردنی ئەو کۆسپ و ئاستەنگانە بەکار هێنا کە لە (30) برگە پێکهاتبوو، کە ڕاوبۆچونی (27) سەرپەرشتیاری پەروەردەیی پیاو ئافرەت و (380) مامۆستا بە هەردوو رەگەز لە پسپۆری بابەتە کۆمەڵایەتییەکان لە قۆناغی بنەڕەتی وەرگرت، کە ئەوەی دەرخست چەندین کۆسپ و ئاستەنگ هەیە لە بەردەم بەدەستهێنانی ئامانج لە بابەتە کۆمەلایەتییەکانی پۆلی حەوتەمی بنەڕەتی کە ڕێگرە لەبەردەم گەیشتن بە بەدەستهێنانی ئامانجە پەروەردەیی و نەتەوەییەکان، هەروەها لیکۆڵینەوەکە ئەوەی دەرخست کە کاریگەری جیاوازی ئەزموون نیە لە نیوان سەرپەرشتیاران و مامۆستایان، لیکۆڵینەوەکە چەندین راسپاردەی هەبوو لەوانە کە جیاوازی تاکایەتی نێوان قوتابیان هەیە لە وەرگرتن و تێگەیشتن لە بابەتەکە، هەروەها کاریگەری شێوازە جیاجیاکان و ڕێگاکانی گوتنەوەی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان لە بەدەستهێنانی ئامانجە پەروەردەییەکاندا، هەروەها دووبارە پێداچونەوە بە پرۆگرام و مەنهەجی بابەتە کۆمەلایەتییەکان بکرێت.

**2- توێژینەوەی شاور و فوارعە (2011):**

توێژینەوەیـــەکیان ئـــەنجامدا، بە ناونیشانی " دەرخستنی دیارترین کۆسپ و ئاستـــەنگ بوو کە رووبـــەڕووی خوێندنی دەروازەکانی زانستە کۆمەڵایەتییەکان بوویێتەوە لە قۆناغـــی بنەڕەتی لە پـــارێزگای (الخليل)ی فەلەستینی، ئەوەش لە رووانگەی مامۆستـــایان و سەرپەرشتیارانەوە "، بە جۆرێك توێژەر فۆرمی راپرسی بۆ دەستنیشان کردنی ئەو کۆسپ و ئاستەنگانە بەکارهێنـــا کە رووبەڕووی خوێندنی دەروازەکانی زانستەکان دەبنەوە، لێکۆڵینەوەکەش کە راوبۆچوونی (300) مامۆستای پیاو و ئافرەت و (7) سەرپەرشتیاری پیاو و ژنی گرتەوە، ئەوەی دەرخست کە چەندین کۆسپ و ئاستەنگ هەن رووبەڕووی گوتنەوە و خوێندنی ئەو دەروازانە دەبنەوە، چەندین بواریش دەگرنەوە لەوانەی هەیانە لە بواری قوتابیان و هەیشیانە لە بواری کتێبی خوێندنی کۆمەڵایەتی و لە بواری کارگێری و سەرپەرشتیاریی پەروەردەیی و لە بواری مامۆستایان و دواجاریش لە بواری رێگەکانی وانەگوتنەوەی بەکارهێنراو، لێکۆڵینەوەکە ئەو راسپاردەیەی هەبوو کە پێویستە پەیوەندیی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

نێوان قوتابخانە و خێزان تۆکمە و پتەو بکرێت، هەروەها سیستەمی هاندان و پاداشتی مامۆستایان و هاندانی پیادەو جێبەجێکردنی کرداری بۆ دەروازەکان و دووبارە سەرنجدانەوە و پێداچوونەوەی کتێبەکانی خوێندنی کۆمەڵایەتی و بەرنامەکانی ئامادەکردن و شیاندنی مامۆستایان پێداچوونەوەیان بۆ بکرێت.

## بەشی سێیەم

## 3: ڕێکارییەکانی توێژینەوەکە

دوای ئەوەی توێژەر مامەڵەی لەگەڵ لایەنی تیۆری توێژینەوەکە و توێژینەوەکانی پێشـــووی لە دوو بەشـــی پێشـــوودا کرد، توێژەر لەم بابەتەدا مامەڵەی لەگەڵ لایەنی مەیدانی توێژینەوەکەدا کرد بە مەبەستی گەیشتن بە ئامانجەکانی توێژینەوەکە و مەنهەجی توێژینەوەکە و کۆمەڵگای توێژینەوەکە ، ئامرازەکانی و قۆناغەکانی بنیاتنانی و پشـــتڕاســـتکردنەوەی ڕەوایی و ســـەقامگیری و بەکارهێنانی ئامرازەکە، و پاشـــان ئەو چارەســـەرە ئامارییانەی کە لە شـــیکردنەوەی ئەنجامەکانی توێژینەوەکەدا بەکارهێنراون.

### 3-1- ڕێبازی توێژینەوەکە :

بۆ گەیشـــتن بە ئامانجەکانی توێژینەوەکە توێژەر لەم توێژینەوەیەدا ڕێبازی وەســـفی بەکارهێناوە، چونکە گونجاوە لەگەڵ سروشتی توێژینەوەکە و شیکردنەوە و ڕاڤەکردنی ڕاستیەکان وەکو ئەوەی هەیە، هەروەها ڕێباز و میتۆدی وەسفی یارمەتی دەدات لە دیاریکردنی کێشەکەو زانین و دیاریکردنی ڕاستییەکان بە درێژی لەسەر دیاردەکە دەدات پێناسـەیەکی گشـتگیر و دەسـتنیشـانکردنێکی وورد دەکات.

### 3-2- کۆمەڵگای توێژینەوەکە:

ســـەبارەت بە کۆمەڵگای ئەم توێژینەوەیە ئەوا بریتییە لە (ســـەرپەرشـــتیارانی پەروەردەیی و مامۆســـتایان) لە ناوەندی شـــاری هەولێر بۆ ســـاڵی خوێندنی (2021-2022) کە پێکهاتووە لە (8) ســـەرپەرشـــتیاری پەروەردەیی و(929)مامۆســـتایە بە پێی ئاماری بەشـــی پلاندانان لە وەزارەتی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

پەروەردە، لە ڕوانگەی جیاوازی گۆڕاوی ڕەگەزی و پلەی زانستی وەرگێراون، وە دابەشکراون بەسەر (260) قوتابخانە بۆ ساڵی خوێندنی (2021-2022)

### 3-3- نمونەی توێژینەوەکە:

نمونەی توێژینەوەکە پێکهاتووە لە (108) مامۆستا و سەرپەرشتیاری بابەتە کۆمەڵایەتییەکانی پۆلی حەوتەمی بنەرەتی لە پەروەردەی ناوەندی لەشاری هەولێردا، کە بەشێوەیەکی هەڕەمەکی لە کۆمەڵگەکە هەڵبژێردراون، کە ژمارەی ڕەگەزی نێر بریتییە لە (38) بە ڕێژەی (35.2)، ژمارەی مامۆستا لە ڕەگەزی مێ بریتییە لە (70) بەڕێژەی (64.8) بەشدارن.

**خشتەی ژمارە 3-1 ڕوونکردنەوەی نموونەی توێژینەوەکە بە پێی کۆی نموونەی کۆمەڵگە و ڕێژەی وەرگیراو و جیاوازی ڕەگەزی**

| ڕەگەز | | دووبارە بوونەوە | % |
|---|---|---|---|
| ڕەگەز | نێر | 38 | 35.2% |
| | مێ | 70 | 64.8% |
| کۆی گشتی | | 108 | 100.0% |

لەم خشتەیەدا ئەوە ڕوون دەبێتەوە، کە زۆربەی نموونەی توێژینەوەکەلە ڕەگەزی مێن، بە ڕێژەی (64.8%) لە پلەی یەکەمدایە. ڕەگەزی نێر بە ڕیژەی (35.2%) لە پلەی دووەمدایە.

**خشتەی3-2 تەمەنی نموونەی توێژینەوەکە و سالانی خزمەت ڕوون دەکاتەوە**

| دەستەی تەمەنی | | دووبارە بوونەوە | % |
|---|---|---|---|
| تەمەن | 25-34 | 3 | 2.8% |
| | 35-44 | 68 | 63.0% |
| | 45-54 | 31 | 28.7% |
| | 55-65 | 6 | 5.6% |
| کۆی گشتی | | 108 | 100 % |

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لە خشتەی 3-2 دەردەکەوێت زۆرینەی نموونەی توێژینەوە تەمەنیان لە نێوان (35-44)ساڵیدایە، بە ڕێژەی63%) پلەی یەکەمی وەرگرتووە. هەروەها ئەوانەی تەمەنیان لە نێوان (45-54)دایە بە ڕێژەی (28.7%) پلەی دووەمدایە، بەڵام ئەوانەی تەمەنیان لە نێوان (55-65) بە ڕێژەی (5.6%) لە پلەی سێیەمدا دێن، ئەوەی لێرەدا دەردەکەوێت، ئەو زۆربەی مامۆستایان لە تەمەنێکی گونجاون بۆ وانە ووتنەوە، هەروەک لە خشتە و شێوەی ژمارە 3-2 روونکراوەتەوە.

**خشتەی3-3 بڕوانامەی نموونەی توێژینەوەکە ڕوون دەکاتەوە**

| ئاستی خوێندن | | دووبارە بوونەوە | % |
|---|---|---|---|
| بڕوانامە | ماستەر | 0 | 0.0% |
| | بەکالۆریۆس | 106 | 98.1% |
| | دبلوم | 2 | 1.9% |
| کۆی گشتی | | 108 | 100.0% |

لە خشــتەی 3-3 دەردەکەوێت زۆربەی نموونەی توێژینەوە بڕوانامەکەیان (بەکالۆریۆســـ)ە بە ڕێژەی (98.1%) کە بە پلەی یەکە دێت وپاشـــان هەڵگرانی بڕوانامەی (دبلۆم) بە پلەی دووەم دێن بە ڕێژەی (1.9%) ، هەروەک لە خشتەی3-4ڕوونکراوەتەوە.

**خشتەی3-4 پسپۆری نموونەی توێژینەوەکە ڕوون دەکاتەوە**

| پسپۆری | | دووبارە بوونەوە | % |
|---|---|---|---|
| پسپۆری | مێژوو | 28 | 25.9% |
| | جوگرافیا | 16 | 14.8% |
| | کۆمەڵایەتی | 53 | 49.1% |
| | هیتر | 11 | 10.2% |
| کۆی گشتی | | 108 | 100.0% |

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لە خشتەی 3-4 دەردەکەوێت، زۆرینەی نموونەی توێژینەوەکە پسپۆریان بابەتی (کۆمەڵایەتیە) بە ڕێژەی (49.1%)وە بە پلەی یەکەم دیت؛ هەروەها پسپۆری (مێژوو) بە ڕێژەی (25.9%) پلەی دووەمی وەرگرتووە، کەچی ئەوانەی پسپۆریان (جوگرافیایە) بە ڕێژەی (14.8%) لە پلەی سێیەمدایە. هەروەک لە خشتەی3-5 ڕوونکراوەتەوە.

**خشتەی3-5 ساڵانی خزمەتی نموونەی توێژینەوەکە ڕوون دەکاتەوە**

| سالانی خزمەت | | دووبارە بوونەوە | % |
|---|---|---|---|
| ساڵانی خزمەت | 1-9 | 0 | 0.0% |
| | 10-19 | 66 | 61.1% |
| | 20-29 | 34 | 31.5% |
| | 30-39 | 8 | 7.4% |
| کۆی گشتی | | 108 | 100.0% |

لەم خشتەیەدا ئەوە ڕوون دەبێتەوە، دابەشبوونی نموونەی توێژینەوەکە بەپێی ساڵانی خزمەت ، زۆرینەی نموونەی توێژینەوە ساڵانی خزمەتیان لە نێوان (10-19) ساڵدایە بە ڕێژەی (61.1%) پلەی یەکەمی وەرگرتووە. ساڵانی خزمەت لە نێوان (20-29) ساڵ بە ڕێژەی (31.5%) لە پلەی دووەمدایە. ساڵانی خزمەت لە نێوان (30-39) ساڵ بە ڕێژەی (7.3%) بە پلەی سێیەم دێت؛ هەروەک لە خشتە و شێوەی ژمارە 3-5 ڕوونکراوەتەوە.

### 3-4- ئامرازی توێژینەوەکە:

توێژەر وەك بەشێك لە ئامانجەکانی توێژینەوەکە ، هەڵساوە بە ئامادەکردنی پێوەرێکی زانستی دوای گەڕان وپشکنین بەناو سەرچاوەکان نزیك لە بابەتی (ئاستەنگەکانی بەدەستهێنانی ئامانج لە پرۆگرامی بابەتە کۆمەڵایەتییەکانی پۆلی حەوتەمی بنەڕەتی لە ڕوانگەی سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی و مامۆستایانی شاری هەولێر) ، لە پێناو گەیشتن بە ئامانجەکانی توێژینەوەکە ، توێژەر پشتی بە پێوەر

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

و فۆڕمی ڕاپرسی توێژینەوەکانی پێشوو بەستووە ، لەوانە توێژینەوەکانی ( العنزی ، 2015) و (فوارعه وشاور ، 2011) و (بن عفیف ، 2009) و (مكی ، 2008)فۆڕمی ڕاپرسی ئامادەکراو پێکهاتووە لە ( 5) بوار تایبەت بە ئاستەنگەکانی بەدەستهێنانی ئامانج ، پێکهاتووە لە ( 40 ) بڕگە ، بۆ هەر بڕگەیەك پلەیەك دانراوە بە پێ پێوەری (likert scale ) (لەگەڵ نیم بەتەواوی، لەگەڵ نیم ، بێلایەنم ، لەگەڵم ، لەگەڵم بەتواوی)کە هاوشانی ژمارەکانی ( 1 ، 2 ، 3 ، 4 ، 5 ) .

### 3-5- هەنگاوەکانی ڕاستی و جێگیری ئامرازی توێژینەوەکە

### 3-5-1- ڕاستی ئامرازی توێژینەوەکە (شارەزایان):

یەکێك لە مەرجەکانی بڕگەی ڕاپرسی ئەوەیە ڕاستی دروستی بۆ بکرێت ، توێژەر دوای ئامادەکردنی فۆڕمی ڕاپرسیەکە و بڕگەکان بە مەبەستی دڵنیابوون لە ڕاستی و ڕواڵەتی دابەشیکرد بەسەر ژمارەیەك لە شارەزایان و پسپۆڕان بواری ڕێگاکانی وانەگوتنەوە و دەروونناسان ، کە ژمارەیان ( 11 ) پسپۆڕ بوون لە کۆلیژی پەروەردەی بنەڕەتی و کۆلیژی پەروەردەی جەستەیی و وەرزشیەکان ، دوای گەڕانەوەی بڕگەکان شارەزایان بە زۆرینە بڕگەکانی ڕاپرسیەکەیان پەسند کرد بە ڕێژەی ( 93% ) (قەرەچەتانی ، 2018 ، 122 -123 ) ، جگە لە گۆڕینی چەند بڕگەیەك و هەڵەی نووسین و ڕێزمانی نەبێت ، ژمارەی بڕگەکان ( 40 ) بڕگە بە شێوەیەکی کۆتایی وەکو خۆی مایەوە .

### 3-5-2- جێبەجێکردنی تاقیکردنەوەی نموونەی ئامرازی توێژینەوەکە:

جێگیری لەبنەماسەرەکیەکانی توێژینەوە هەژماردەکریت، ئەگەر توێژەر ویستی توێژینەوەکەی بەشێوەی بابەتیانە بێت، پێویستە هەنگاو هاوکێشەکانی جێگیر بێت بۆ ئەوەی توێژینەوەکە هیچ کەم و کورتی تێدانەبێت.

مەبەست لە جێگیری پێوەر ئەوەیە ئەنجامی نزیک لەیەک بدات بەدەستەوە، ئەگەر وەک یەک و هەمان ئەنجامیش نەبێ، بەمەرجێک بە پرۆسەی فێرکردن و مەشق پیکردندا تێنەپەڕیبێ لە نێوان دووئەزموونەکە، دابەشکردنەوەی فۆڕمی ڕاپرسیەکە بەسەر نموونەی توێژینەوەکە دابەشدەکرێتەوە، بەمەرجێک لە دووهەفتە کەمتر نەبێ و لە مانگێک زیاتر نەبێ.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

خشتەی 3-6تاقیکردنەوەی جێگیری نموونەی ئامرازی توێژینەوەکە

| تاقیکردنەوە | ناوەندەژمێری | لادانی پێوەری | بەهای هاوکۆلکەی جێگیری پێرسۆن | نرخی Sig |
|---|---|---|---|---|
| جێبەجێکردنی یەکەم | 92.50 | 8.924 | 0.892 | 0.000 |
| جێبەجێکردنی دووەم | 91.75 | 8.296 | | |

## بەشی چوارەم

### 1-4خستنەڕووی ئەنجامەکانی توێژینەوەکە و تاوتوێکردنیان

لەم بەشەدا وەسفی گۆڕاوەکانی توێژینەوەکە کراوە کە هەموویان بە هێما کراون و پۆلین کراون ئامانجیش بریتیە لە شیکردنەوەی سەرەتایی داتا و زانیاریەکانی فۆڕمەکە ئەویش بەبەکارهینانی (دووبارە بوونەوە و ڕێژەی سەدی و ناوەندی ژمێریاری و لادانی پێوانەیی و ڕیژەی لەگەڵ بوون ):

**یەکەم: وەسفکردنی ئەو پرسیارانەی تایبەت ئاستەنگەکانی پەیوەست بەناوەڕۆکی بابەت:**

لەخشتەی4-1 دووبارە بوونەوە و ڕێژەی سەدی و ناوەندی ژمێریاری و لادانی پێوانەیی و ڕیژەی لەگەڵ بوون نیشان دەدات بەپێ ی وەڵامی لێتوێژەران سەبارەت ئاستەنگەکانی پەیوەست بەناوەڕۆکی بابەت وبەشێوەیەکی گشتی ناوەندی ژمێریاری گشتی یەکسانە بە (2.81) کە ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کەوا لێتوێژەران بەشێوەیەکی (ناوەند) لەگەڵ ئاستەنگەکانی پەیوەست بەناوەڕۆکی بابەت و بەڕیژەی سەدی لەگەڵ بوون کە یەکسانە بە (56.11%) کە ئەمەش ڕێژەیەکی ناوەندە و بە لادانی پێوانەی کە یەکسانە بە(1.34) ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە وەڵامەکانی لێتوێژەران بەشیوەیەکی گشتی پەرش و بڵاوی کەمن.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**خشتەی 4-1 دووبارە بوونەوە و ڕێژەی سەدی و ناوەندی ژمێریاری و لادانی پێوانەیی و ڕیژەی لەگەڵ بوون تایبەت بە ئاستەنگەکانی پەیوەست بەناوەڕۆکی بابەت**

| ئاستەنگەکان | پرسیارەکان | لەگەڵنیم بەتەواوی | | لەگەڵ نیم | | بێلایەنم | | لەگەڵم | | لەگەڵم بەتەواوی | | ناوەندی ژمێریاری | لادانی پێوانەیی | ڕێژەی لەگەڵبوون | ڕیزبەندی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | دووبارە | % | دووبارە | % | دووبارە | % | دووبارە | % | دووبارە | % | | | | |
| ئاستەنگی پەیوەست بەناوەرۆکی بابەت | q1 | 24 | 22.2% | 26 | 24.1% | 13 | 12.0% | 36 | 33.3% | 9 | 8.3% | 2.81 | 1.33 | 56.30% | 4 |
| | q2 | 23 | 21.3% | 35 | 32.4% | 11 | 10.2% | 37 | 34.3% | 2 | 1.9% | 2.63 | 1.21 | 52.59% | 5 |
| | q3 | 28 | 25.9% | 38 | 35.2% | 7 | 6.5% | 28 | 25.9% | 7 | 6.5% | 2.52 | 1.30 | 50.37% | 6 |
| | q4 | 21 | 19.4% | 27 | 25.0% | 12 | 11.1% | 33 | 30.6% | 15 | 13.9% | 2.94 | 1.38 | 58.89% | 3 |
| | q5 | 25 | 23.1% | 26 | 24.1% | 6 | 5.6% | 35 | 32.4% | 16 | 14.8% | 2.92 | 1.45 | 58.33% | 2 |
| | q6 | 16 | 14.8% | 34 | 31.5% | 7 | 6.5% | 35 | 32.4% | 16 | 14.8% | 3.01 | 1.36 | 60.19% | 1 |
| | کۆی گشتی | | | | | | | | | | | 2.81 | 1.34 | 56.11% | |

**دووەم: وەسفکردنی ئەو پرسیارانەی تایبەت بە ئاستەنگی پەیوەست بە شیوازی وانەوتنەوەو هەڵسەنگاندن:**لەخشتەی4-2دووبارە بوونەوە و ڕێژەی سەدی و ناوەندی ژمێریاری و لادانی پێوانەیی و ڕیژەی لەگەڵ بوون نیشان دەدات بەپێ ی وەڵامی لێتوێژەران سەبارەت ئاستەنگەکانی پەیوەست بە شیوازی وانەوتنەوە و هەڵسەنگاندن وبەشێوەیەکی گشتی ناوەندی ژمێریاری گشتی یەکسانە بە (3.23) کە ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کەوا لێتوێژەران بەشێوەیەکی (ناوەند) لەگەڵ ئاستەنگەکانی پەیوەست بە شیوازی وانەوتنەوە و هەڵسەنگاندنە و بەرێژەی سەدی لەگەڵ بوون کە یەکسانە بە (%64.69) کە ئەمەش ڕێژەیەکی ناوەندە و بە لادانی پێوانەی کە یەکسانە بە(1.30) ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە وەڵامەکانی لێتوێژەران بەشیوەیەکی گشتی پەرش و بڵاوی کەمن .

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## خشتەی 2-4 دووبارە بوونەوە و ڕێژەی سەدی و ناوەندی ژمێریاری و لادانی پێوانەیی و ڕیژەی لەگەڵ بوون پەیوەست بە شێوازی وانەوتنەوە و هەڵسەنگاندن

| ئاستەنگەکان | پرسیارەکان | لەگەڵنیم بەتەواوی | | لەگەڵ نیم | | بێلایەنم | | لەگەڵم | | لەگەڵم بەتەواوی | | ناوەندی ژمێریاری | لادانی پێوانەیی | ڕێژەی لەگەڵبوون | ڕیزبەندی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | دووبارە | % | دووبارە | % | دووبارە | % | دووبارە | % | دووبارە | % | | | | |
| ئاستەنگی پەیوەست بە شێوازی وانەوتنەوەو هەڵسەنگاندن | q7 | 13 | 12.0% | 27 | 25.0% | 9 | 8.3% | 44 | 40.7% | 15 | 13.9% | 3.19 | 1.29 | 63.89% | 4 |
| | q8 | 14 | 13.0% | 18 | 16.7% | 11 | 10.2% | 43 | 39.8% | 22 | 20.4% | 3.38 | 1.33 | 67.59% | 3 |
| | q9 | 10 | 9.3% | 12 | 11.1% | 6 | 5.6% | 42 | 38.9% | 38 | 35.2% | 3.80 | 1.29 | 75.93% | 1 |
| | q10 | 20 | 18.5% | 37 | 34.3% | 9 | 8.3% | 30 | 27.8% | 12 | 11.1% | 2.79 | 1.33 | 55.74% | 6 |
| | q11 | 11 | 10.2% | 24 | 22.2% | 3 | 2.8% | 49 | 45.4% | 21 | 19.4% | 3.42 | 1.31 | 68.33% | 2 |
| | q12 | 16 | 14.8% | 37 | 34.3% | 10 | 9.3% | 39 | 36.1% | 6 | 5.6% | 2.83 | 1.23 | 56.67% | 5 |
| | کۆی گشتی | | | | | | | | | | | 3.23 | 1.30 | 64.69% | |

**سێیەم: وەسفکردنی ئەو پرسیارانەی تایبەت بە ئاستەنگی پەیوەست بە مامۆستا:**

لەخشتەی 3-4 دووبارە بوونەوە و ڕێژەی سەدی و ناوەندی ژمێریاری و لادانی پێوانەیی و ڕیژەی لەگەڵ بوون نیشان دەدات بەپێ ی وەڵامی لێتوێژەران سەبارەت ئاستەنگەکانی پەیوەست بە مامۆستا وبەشێوەیەکی گشتی ناوەندی ژمێریاری گشتی یەکسانە بە (3.05) کە ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کەوا لێتوێژەران بەشێوەیەکی (ناوەند) لەگەڵ ئاستەنگەکانی پەیوەست بە مامۆستا و بەڕێژەی سەدی لەگەڵ بوون کە یەکسانە بە (%61.02) کە ئەمەش ڕێژەیەکی ناوەندە و بە لادانی پێوانەی کە یەکسانە بە(1.37) ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە وەڵامەکانی لێتوێژەران بەشیوەیەکی گشتی پەرش و بڵاوی کەمن.

گۆڤاری قەڵای زانست

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

### خشتەی 3-4 دووبارە بوونەوە و ڕێژەی سەدی و ناوەندی ژمێریاری و لادانی پێوانەیی و ڕیژەی لەگەڵ بوون پەیوەست بە مامۆستا

| ئاستەنگەکان | پرسیارەکان | لەگەڵنیم بەتەواوی | | لەگەڵ نیم | | بێلایەنم | | لەگەڵم | | لەگەڵم بەتەواوی | | ناوەندی ژمێریاری | لادانی پێوانەیی | ڕێژەی لەگەڵبوون | ریزبەندی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | دووبارە | % | دووبارە | % | دووبارە | % | دووبارە | % | دووبارە | % | | | | |
| ئاستەنگی پەیوەست بە مامۆستا | q13 | 36 | 33.3% | 27 | 25.0% | 12 | 11.1% | 21 | 19.4% | 12 | 11.1% | 2.50 | 1.41 | 50.00% | 6 |
| | q14 | 12 | 11.1% | 15 | 13.9% | 7 | 6.5% | 54 | 50.0% | 20 | 18.5% | 3.51 | 1.26 | 70.19% | 2 |
| | q15 | 25 | 23.1% | 36 | 33.3% | 8 | 7.4% | 21 | 19.4% | 18 | 16.7% | 2.73 | 1.44 | 54.63% | 4 |
| | q16 | 31 | 28.7% | 33 | 30.6% | 12 | 11.1% | 23 | 21.3% | 9 | 8.3% | 2.50 | 1.33 | 50.00% | 5 |
| | q17 | 16 | 14.8% | 13 | 12.0% | 10 | 9.3% | 39 | 36.1% | 30 | 27.8% | 3.50 | 1.40 | 70.00% | 3 |
| | q18 | 17 | 15.7% | 12 | 11.1% | 1 | 0.9% | 49 | 45.4% | 29 | 26.9% | 3.56 | 1.40 | 71.30% | 1 |
| | کۆی گشتی | | | | | | | | | | | 3.05 | 1.37 | 61.02% | |

## چوارەم: وەسفکردنی ئەو پرسیارانەی تایبەت بە ئاستەنگی قوتابی و باوان:

لەخشتەی 4-4 دووبارە بوونەوە و ڕێژەی سەدی و ناوەندی ژمێریاری و لادانی پێوانەیی و ڕیژەی لەگەڵ بوون نیشان دەدات بەپێ ی وەڵامی لێتوێژەران سەبارەت ئاستەنگەکانی پەیوەست بە قوتابی و باوان وبەشێوەیەکی گشتی ناوەندی ژمێریاری گشتی یەکسانە بە (3.34) کە ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کەوا لێتوێژەران بەشێوەیەکی (ناوەند) لەگەڵ ئاستەنگەکانی پەیوەست بە قوتابی و باوان و بەرێژەی سەدی لەگەڵ بوون کە یەکسانە بە (66.83%) کە ئەمەش ڕێژەیەکی ناوەندە و بە لادانی پێوانەی کە یەکسانە بە(1.27) ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە وەڵامەکانی لێتوێژەران بەشیوەیەکی گشتی پەرش و بڵاوی کەمن .

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

### خشتەی 4-4 دووبارە بوونەوە و ڕێژەی سەدی و ناوەندی ژمێریاری و لادانی پێوانەیی و ڕیژەی لەگەڵ بوون پەیوەست بە قوتابی و باوان

| ئاستەنگەکان | پرسیارەکان | لەگەڵنیم بەتەواوی | | لەگەڵ نیم | | بێلایەنم | | لەگەڵم | | لەگەڵم بەتەواوی | | ناوەندی ژمێریاری | لادانی پێوانەیی | ڕێژەی لەگەڵبوون | ریزبەندی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | دووبارە | % | دووبارە | % | دووبارە | % | دووبارە | % | دووبارە | % | | | | |
| ئاستەنگی پەیوەست بە قوتابی و باوان | q19 | 20 | 18.5% | 26 | 24.1% | 11 | 10.2% | 41 | 38.0% | 10 | 9.3% | 2.95 | 1.32 | 59.07% | 7 |
| | q20 | 8 | 7.4% | 24 | 22.2% | 6 | 5.6% | 49 | 45.4% | 21 | 19.4% | 3.47 | 1.24 | 69.44% | 3 |
| | q21 | 15 | 13.9% | 31 | 28.7% | 13 | 12.0% | 36 | 33.3% | 13 | 12.0% | 3.01 | 1.29 | 60.19% | 6 |
| | q22 | 9 | 8.3% | 24 | 22.2% | 7 | 6.5% | 47 | 43.5% | 21 | 19.4% | 3.44 | 1.26 | 68.70% | 4 |
| | q23 | 17 | 15.7% | 28 | 25.9% | 13 | 12.0% | 35 | 32.4% | 15 | 13.9% | 3.03 | 1.34 | 60.56% | 5 |
| | q24 | 10 | 9.3% | 10 | 9.3% | 4 | 3.7% | 58 | 53.7% | 26 | 24.1% | 3.74 | 1.19 | 74.81% | 2 |
| | q25 | 10 | 9.3% | 11 | 10.2% | 9 | 8.3% | 44 | 40.7% | 34 | 31.5% | 3.75 | 1.26 | 75.00% | 1 |
| | کۆی گشتی | | | | | | | | | | | 3.34 | 1.27 | 66.83% | |

**پێنجەم: وەسفکردنی ئەو پرسیارانەی تایبەت بە ئاستەنگی سەرپەرشتیاری پەروەردەیی:**

لەخشتەی 4-5 دووبارە بوونەوە و ڕێژەی سەدی و ناوەندی ژمێریاری و لادانی پێوانەیی و ڕیژەی لەگەڵ بوون نیشان دەدات بەپێ ی وەڵامی لێتوێژەران سەبارەت ئاستەنگەکانی پەیوەست بە سەرپەرشتیاری پەروەردەیی وبەشێوەیەکی گشتی ناوەندی ژمێریاری گشتی یەکسانە بە (2.90) کە ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کەوا لێتوێژەران بەشێوەیەکی (ناوەند) لەگەڵ ئاستەنگەکانی پەیوەست بە سەرپەرشتیاری پەروەردەیی و بەڕێژەی سەدی لەگەڵ بوون کە یەکسانە بە (%58.09) کە ئەمەش ڕێژەیەکی ناوەندە و بە لادانی پێوانەی کە یەکسانە بە(1.27) ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە وەڵامەکانی لێتوێژەران بەشیوەیەکی گشتی پەرش و بڵاوی کەمن.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

### خشتەی ژمارە 5-4 دووبارە بوونەوە و ڕێژەی سەدی و ناوەندی ژمێریاری و لادانی پێوانەیی و ڕێژەی لەگەڵ بوون پەیوەست بە سەرپەرشتیاری پەروەردەیی

| ڕیزبەندی | ڕێژەی لەگەڵبوون | لادانی پێوانەیی | ناوەندی ژمێریاری | لەگەڵم بەتەواوی | | لەگەڵم | | بێلایەنم | | لەگەڵ نیم | | لەگەڵنیم بەتەواوی | | پرسیارەکان | ئاستەنگەکان |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | % | دووبارە | % | دووبارە | % | دووبارە | % | دووبارە | % | دووبارە | | |
| 1 | 71.48% | 1.28 | 3.57 | 24.1% | 26 | 43.5% | 47 | 8.3% | 9 | 13.9% | 15 | 10.2% | 11 | q26 | ئاستەنگی پەیوەست بە سەرپەرشتیاری پەروەردەیی |
| 6 | 48.89% | 1.26 | 2.44 | 9.3% | 10 | 14.8% | 16 | 11.1% | 12 | 40.7% | 44 | 24.1% | 26 | q27 | |
| 2 | 66.30% | 1.43 | 3.31 | 23.1% | 25 | 35.2% | 38 | 8.3% | 9 | 16.7% | 18 | 16.7% | 18 | q28 | |
| 5 | 52.78% | 1.27 | 2.64 | 7.4% | 8 | 22.2% | 24 | 21.3% | 23 | 25.0% | 27 | 24.1% | 26 | q29 | |
| 4 | 52.96% | 1.22 | 2.65 | 7.4% | 8 | 23.1% | 25 | 13.0% | 14 | 39.8% | 43 | 16.7% | 18 | q30 | |
| 3 | 56.11% | 1.20 | 2.81 | 11.1% | 12 | 22.2% | 24 | 10.2% | 11 | 49.1% | 53 | 7.4% | 8 | q31 | |
| | 58.09% | 1.27 | 2.90 | | | | | | | | | | | کۆی گشتی | |

### 2-4 تاقیکردنەوەی (تێستی) گریمانەکانی توێژینەوە

ئامانج لەم بەشە تێستی گریمانە سەرەکیەکانی توێژینەوە بۆ دۆزینەوەی پەیوەندی و و جیاوازی نێوان گۆڕاوەکان ، بۆ گەیشتن بە ئەنجامی ڕاست و دروست بۆ بڕیاردان لەسەر وەرگرتن یان ڕەت کردنەوەی گریمانەکان بۆ ئەم مەبەستە هەندێ پێوەر و شیکردنەوە و تێستی ئاماری بەکاردەهێنین وەک:

یەکەم/ شیکردنەوەی پەیوەندییەکان(Correlation Analysis) (سپێرمان) نێوان گۆڕاوەکانی توێژینەوە.

دووەم / تێستی (t-test) و شیکردنەوەی پەرش و بڵاوی (ANOVA) بۆ پیوانی جیاوازی ئاماری بۆ وەڵامەکانی لێتوێژەران سەبارەت بە گۆڕاوەسەرەکیەکانی توێژینەوە کە دەگەڕێتەوە بۆ پرسیارە کەسیەکان.

### 1-گریمانەی پەیوەندی

پەیوەندییەکی بەهاداری ئاماری ڕاستەوانە هەیە نێوان هەموو ئاستەنگەکانی بەدەستهێنانی ئامانج لە پرۆگرامی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان.

### 2 -گریمانەی جیاوازی:

جیاوازیەکی بەهاداری ئاماری نیە لە وەڵامدانەوەی بژاردەی توێژینەوە سەبارەت بە گۆڕاوە سەرەکیەکانی توێژینەوە (ئاستەنگەکانی بەدەستهێنانی ئامانج لە پرۆگرامی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان) کە دەگەڕێتەوە بۆ زانیاریە کەسیەکان (ڕەگەز و تەمەن و پسپۆری ....هتد)

## بەشی پێنجەم

**ئەنجام و ڕاسپاردە و پێشنیار :**

**1-5 ئەنجام :**

پاش ئەنجامدانی چارەسەری ئاماری بۆ داتاکان ، و وە لە ژێر ڕۆشنایی ئەنجامەکانی توێژینەوەکە ، توێژەر گەیشتە ئەم دەرئەنجامانەی خوارەوە :

**1**-جیاوازی بەهاداری ئاماری هەیە لەسەر بنچینەی ڕەگەزی (نێر و مێ) ی مامۆستایان سەبارەت بە (ئاستەنگەکانی بەدەستهینانی ئامانج لە پرۆگرامی بابەتە کۆمڵایەتییەکان)، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە جیاوزی هەیە لە ڕاوبۆچونی مامۆستایانی نێرو مێ، بۆیە پێویستە گرینگی زیاتر بدرێت بە ڕاوبۆچونی مامۆستایان لەسەر بنچینەی ڕەگەز.

**2**-جیاوازی بەهاداری ئاماری نیە لەسەر بنچینەی (پسپۆر)ی مامۆستایان سەبارەت بە(ئاستەنگەکانی بەدەستهینانی ئامانج لە پرۆگرامی بابەتە کۆمڵایەتییەکان).

**3**-جیاوازی بەهاداری ئاماری هەیە لەسەر بنچینەی (ساڵانی خزمەت)ی مامۆستایان سەبارەت بە (ئاستەنگەکانی بەدەستهینانی ئامانج لە پرۆگرامی بابەتە کۆمڵایەتییەکان)، کە ئەمەش ئەوە دەردەخات کە ساڵانی خزمەت و ئەزموون کاریگەری ئەرێنی هەیە سەبارەت بە (ئاستەنگەکانی بەدەستهینانی ئامانج لە پرۆگرامی بابەتە کۆمڵایەتییەکان) و وادەکات ئاستەنگ و لەمپەرەکان کەمتر ببنەوەو ئامانجەکان بەدیبێن.

**4**- جیاوازی بەهاداری ئاماری نیە لەسەر بنچینەی (ساڵانی خزمەت) ی سەرپەرشتیاران سەبارەت بە(ئاستەنگەکانی بەدەستهینانی ئامانج لە پرۆگرامی بابەتە کۆمڵایەتییەکان).

**5**-جیاوازی بەهاداری ئاماری نیە لەسەر بنچینەی (پسپۆری) سەرپەرشتیاران سەبارەت بە (ئاستەنگەکانی بەدەستهینانی ئامانج لە پرۆگرامی بابەتە کۆمڵایەتییەکان. جیاوازی بەهاداری

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئاماری نیە لەسەر بنچینەی (ڕەگەز) ی سەرپەرشتیاران سەبارەت بە (ئاستەنگەکانی بەدەستهینانی ئامانج لە پرۆگرامی بابەتە کۆمڵایەتییەکان)،واتە ڕەگەز هیچ کاریگەرییەکی نیە.

## 2-5 ڕاسپاردە:

بە پشتبەستن بە دەرەنجامەکانی توێژینەوەکە، توێژەر ئەمانەی خوارەوە ڕاسپاردە دەکات:

1-لایەنی پەیوەندیدار گرینگی بە ئەنجامدانی زیاتری خوێندنی زانکۆ و توێژینەوەی ڕێکارەکان، کە دەبێتە هۆی دەستنیشانکردنی بەربەستەکان لەبەردەم گەیشتن بە ئامانجەکانی پڕۆگرامی خوێندنی بابەتی کۆمەڵایەتی.

2- گرنگیدان بە کوالیتی شێوازەکانی فێرکردنی توێژینەوە کۆمەڵایەتییە مۆدێرنەکان، و پەرەپێدانی شێوازی گونجاو بۆ تایبەتمەندییەکانی قوتابیان و خوێندکاران و جیاوازییە تاکەکەسییەکان.

3-وەزارەتی پەروەردە و خوێندنی باڵا بنیاتنانی پلانی چاکسازی و ڕێکارەکان بۆ کەمکردنەوەی ئەو بەربەستانەی کە ڕووبەڕووی گەیشتن بە ئامانجەکانی پڕۆگرامی خوێندنی بابەتی کۆمەڵایەتی دەبنەوە.

## 3-5 پێشنیار :

دوای تەواوکردنی ئەو هەوڵانەی کە توێژەر پێی هەڵساوە لەم توێژینەوەیەدا ، دەتوانرێت پێشنیاربکرێت بە:

1- ئەنجامدانی توێژینەوەی وەسفی ( باسکردن ) زیاتر لەسەر ئاستەنگەکانی بەدەستهێنانی ئامانج لەپڕۆگرامی بابەتە کۆمەڵایەتییەکانی پۆلی حەوتەمی بنەڕەتی لە ڕوانگەی قوتابیان.

2-ئەنجامدانی کۆنفراس و سازکردنی بە مەبەستی نەهێشتنی بەربەست و ئاستەنگەکانی بەردەم پرۆگرامی بابەتە کوۆمەڵایەتییەکانی پۆلی حەوتەم.

3-پێویستە وەزارەتی پەروەردە گرینگی زیاتر و پێداچوونەوەی بەردەوام ئەنجام بدات بۆ نەهێشتنی ئاستەنگەکانی بەردەم بابەتە کۆمەڵایەتییەکان و نەهێشتنیان .

## سەرچاوەکان :

**یەکەم: سەرچاوە کوردیەکان**

-ئاڤان،عبدالله حسن و ئەوانی تر(2021)،بەڕێوەبردن و سەرپەرشتیاری پەروەردەیی،چ1،دەزگای چاپ و پەخشی نارین،هەولێر.-بەکر،کریم حسن (2018)، چاکسازی و دادپەروەری پەروەردەیی، چاپی یەکەم، بەڕیوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ،چاپخانەی کوردستان، هەولێر.

-بۆکانی،د.سابیر (2020)،میتۆدی توێژینەوەی زانستی،چ2،خانەی چاپ و بڵاوکراوەی چوارچرا،سلیمانی، هەرێمی کوردستان-عێراق.

-رسول،ابراهیم رسول(2017)،پێوانەو هەڵسەنگاندنی پەروەردەیی،چ1،دەزگای چاپ و پەخشی نارین،هەولێر.

-عزیز،د.عزالدین أحمد(2018)،دەروازەیەك بۆ دەروونزانی پەروەردەیی،چ1،چاپخانەی هێڤی،هەولێر.

-حسن،پەخشان حەویز(2021)،کاریگەری ستراتیژیەتی فێرکردنی جیاکاری لەسەر دەستکەوتی مەعریفی بۆ قوتابیانی پۆلی دوازدەهەمی وێژەیی و پارێزگاریکردنی لە بابەتی جوگرافیا،نامەی ماستەر،زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر.

-قەرەچەتانی،د.کەریم شەریف محمد(2018)،پێوانەو هەڵسەنگاندن( لەبواری پەروەردە و دەروونزانی)،سلێمانی،هەرێمی کوردستان-عێراق.

-گۆمەتاڵی،د.بورهان حاتەم(2019)،پوختەی فەلسەفەی مێژوو،چ2،بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان،هەولێر.

**دووەم: سەرچاوە عەرەبییەکان**

-أبو حسان,خالد أحمد صالح(1998),معيقات استخدام الوسائل التعليمية التي تواجه مدرسي المدارس الحكومية في تعليم العلوم و الاجتماعيات في محافظة الخليل,رسالة ماجستير غير منشورة,جامعة النجاح الوطنية,نابلس,فلسطين.

-أبو حلو, يعقوب و أخرون(1994), العلوم الاجتماعية و طرائق تدريسها, منشورات جامعة القدس المفتوحة, عمان-الاردن.

-أبو دية, عدنان أحمد(2011), أساليب معاصرة في تدريس الاجتماعيات, ط1, جامعة النجاح, دار أسامة للنشر والتوزيع, عمان-الاردن.

-أبو مرق,رنا همزة(2013), أثر استخدام استراتيجي خرائط المفاهيم وشكل في تنمية مهارات التفكير الاستدلالي في الجغرافيا لدى طالبات الصف التاسع الاساسي ,كلية التربية – جامعة الاسلامية , غزة-فلسطين.

-أحمد, اضواء عبدالكريم(2007), فاعلية استراتيجية التعلم معا التعاونية في بعض سمات الشخصية لدى طلبة كلية التربية قسم التأريخ/المرحلة الرابعة,مجلة ابحاث كلية التربية الاساسية, دورية العلمية محكمة, جامعة الموصل,مجلد الخامس,العدد(1).

-أحمد,وائل منصور(2012),المشكلات البيئية المتضمنة في متوى كتاب الجغرافيا للصف الثامن الاساسي مستوى اكتساب الطلبة لها,كلية التربية - جامعة الاسلامية, غزة –فلسطين.

-الامين, شاكر محمود وأخرون(1992), أصول تدريس المواد الاجتماعية, دار الحكمة للطباعة والنشر, بغداد-العراق.

-التميمي, محمد طاهر(2005), أثر استخدام الستراتيجي الملخصات العامة و أسئلة التحضير القبلية في تحصيل الطلاب الصف الخامس الادبي في مادة التأريخ الحدث,أتروحة الدكتورا(غير منشورة) الجامعة المستنصرية,كلية التربية,بغداد.

-الثقفي,مستور بن محمد(2016),دور التخطيط الاستراتيجي المدرسي في تطوير الاداء من وجهة نظر القيادات التربوية بمدينة مكة المكرمة,رسائل ماجستير,جامعة ام قرى, كلية التربية,مملكة العربية السعودية.

-الجابري,محمد عابد(1998),العولمة والهوية الثقافية:عشر اطروحات,المستقبل العربي,السنة العشرون,العدد228,مركز دراسات الوحدة العربية,بيروت.

-الجبر,سلمان (1990),تقويم تدريس الجغرافيا ومدى اختلافاتها باختلاف خبرات المدرسين وجنسياتهم و تخصصاتهم في المرحلة المتوسطة بالمملكة العربية السعودية,مجلة العلوم التربوية, العدد الاول.

-الجهيمي,احمد عبدالرحمن(2009),معوقات استخدام استراتيجيات الحدثة في تدريس مقررات,كلية العلوم الاجتماعية ,قسم التربية,جامعة الامام محمد بن سعود,مملكة العربية السعودية.

-الحارثي, عبدالله بن عيضة(2012), معوقات استخدام الحاسوب الالي في تدريس المواد الاجتماعية في مرحلة الثانوية بمدينة مكة المكرمة من وجهة نظر المعلمين المختصين في مدارس البنين, رسالة ماجستير, مكة المكرمة-سعودية.

**سێیەم : سەرچاوە بیانییەکان**

- Bedworth,David,&Albert(2010),The Dictionary Of Health Education, Oxford University Press,New York(U.S.A).

- Edigar,Marlow and Bhaskara,Digumarati(2001),Teaching Social Studies Successfully.Discovery Publishing House.New Delhi.India.

- Glenn,M,(2012),Academic a Chievement and school Ablity: Implications to guidance and counselling programs, Journal of Arts, Science& Commerce.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# معيقات تحقيق أهداف منهاج الدراسات الاجتماعية من وجهة نظر المشرفين تربويين والمعلمين


## الملخص

هدفت هذه الدراسة التعرف على معوقات تحقيق الأهداف فى منهاج المادة الاجتماعيات للصف السابع الأساسي فى وجهة نظر مشرفي التربويين والمعلمين في مدينة أربيل للعام الدراسي (2021-2022)،من ناحية:

التعرف الفروق في ألدلالة الإحصائية ووجود فروق في الدلالة الإحصائية في منهاج الٱجتماعيات للصف السابع الأساسي من وجهة نظر مشرفي التربويين والمعلمين في مدينة أربيل، للمتغيرات (الجنس والخبرات التفاعل بين المشرفين والمعلمين).

المجتمع البحث مكونة من المشرفين والمعلميين لمادة ألاجتماعييات للصف السابع الأساسى من كلا الجنسين (الذكر) و(الأنثى)، الباحث تم أخذت عينة المجتمع عشوائيا، المكونة من( 8 ) مشرفا و(100) معلما لمادة الاجتماعيات للصف السابع الأساسى،للتحقيق أهداف الدراسة استخدم الباحث المنهاج الوصفى.

ومن أجل إعداد أداة الدراسة استفاد الباحث من مصادر المكونة من معايير المعوقات لكتاب ألأجتماعيات أخذته. والتي قمنا بتكييفها مع بيئة المجتمع، ويؤكد الباحث مجددا على صدق الأداة، وذلك من خلال توزيع استمارة الاستبيان على( 11) خبيرا ومختصين من جامعة صلاح الدين، وكذلك ومن ثبات وصدق الأداة، وزع الباحث أداة البحث على 45 معلما ومعلمة من مجتمع الأصل، ثم تم تنفيذ ثبات أداة البحث من قبل برنامج (SPSS )

والتي تكونت من(40) سطرا وفى آونة الأخيره بقى(31) سطرا وأصبحت أداة الدراسة المكونة من خمسة مجالات، ثم قام الباحث بتوزيع استمارة الأستبانة على المبحوثين المعلمين والمشرفيين التربويين.


# Obstacles to Achieving the Goals in the Curriculum of the Social Subject for the Seventh Grade Basic in the Point of View of Educators and Teachers


**Mariwan Mohamed Abdulrahman**
Department of Social Sciences, College of Basic Education, Salahaddin University, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq
mariwan.abdulrahman@su.edu.krd

**Asst. Prof. Dr. Miqdad Hussein Taha**
Department of Social Sciences, College of Basic Education, Salahaddin University, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq
miqdadtaha@su.edu.krd

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

***Keywords***: *Obstacle, Achieving, Goal, Program, Social Subject, Supervisor, Teacher*

## Abstract

This study aimed to identify the obstacles to achieving the goals in the curriculum of the social subject for the seventh grade basic in the point of view of educators and teachers in the city of Erbil for the academic year (2021-2022), from the point of view of: Identify differences in statistical significance and differences in statistical significance in the social curriculum for the seventh grade from the point of view of educational supervisors and teachers in Erbil city, for variables (sex and experiences interaction between supervisors and teachers).The research community is made up of supervisors and teachers of the seventh grade social studies of both sexes (male) and female, the researcher was taken to the community randomly, consisting of (8) supervisors and (100) teachers of the subject of sociology for the seventh grade basic, to achieve the objectives of the study used the researcher descriptive curriculum. In order to prepare the study tool, the researcher benefited from sources consisting of the parameters of the constraints of the social book i took. Which we adapted to the environment of society, and the researcher reaffirms the sincerity of the tool, by distributing the questionnaire form to (11) experts and specialists from Salaheddine University, as well as from the stability and sincerity of the tool, the researcher distributed the research tool to 45 teachers from the community of origin, and then implemented the stability of the research tool by the program (SPSS) Which consisted of 40 lines and in the last 31 lines and became the study tool of five areas.